# وەزیر بۆ یەکێتی و فیلیش بۆ پارتی، ئەدی یەکگرتوو! *

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

سەیرە ئەم حکومەتە هەر یەکی نەگرت؟ ژنێك ئەیگوت ئەڵێی هەویری شلەو بە هەمووشتێکەوە ئەنوسیٚ و لە هەر شوێنیٚ بەشێکی جیٚ ئەمێنیٚ ؟! خۆ ڕاستیشە بچوکترین گۆرانکاری لە بەغدا کار لێرەش ئەکات، لەویٚ کە جەعفەری بە جەواد ئەگۆڕن لێرەش ئەحمەو بە مەحمو ئەگۆڕن، ئەم دووانە ڕێکناکەون و خۆشیان حەز بەرێککەوتن ناکەن، وەك دابەشکردنی میراتی وایە کە هەموو برا ناکۆکەکان لە دەوارێکدا بۆ ساتیٚ کۆئەکاتەوەو دواتریش بیر لە کوشتنی یەك ئەکەنەوە،
جوندی ئەکەنە وەزیر و قەلا تێك ئەدەن و مەلیك لە مەلیکی ئەخەن و وەزیر ئەکوژن و فیلیش ئەکەن بەبەتەڵی ساحەو قاچی ئەسپی ڕەسەنیش ئەشکێنن و زینی ئاڵتونیش ئەکەنە ملی ئەسپی نارەسەن، وەزیری وامان هەیە کە لە کوردستان جێگای نەبۆتەوە و لەسەر گەندەڵی تەجمیدکراوە کەچی بە جوڵەیەکی شەترەنجیانە دەچێتە بەغاو قەلایەکیش بۆ خۆی داگیر ئەکات و ڕەنگە بشبێتەوە بە وەزیر، جوندی وامان هەیە لەم ئەنتیکەخانەیەی کوردستاندا کراوەتە عەقیدو عەمیدو وەزیر، باشکاتبی وامان هەیە بە جوڵەیەکی ئەسپ ئێستا لە مەکتەب سیاسی حیزبەکان قەراردەرئەکات و خەڵك ئەگرێت، حکومەتی یەکگرتوو کە منجە منجی تەوزیعاتی پۆستەکانیەتی وەزیر بۆ یەکێتی و فیل بۆ پارتی و مەلیکیش دیارە بۆ کیٚ، ئەسپیش بۆ خزمان و قەڵاش بۆ جەنگێکی ترو جوندیش بە حسابی وەزیر ئەبەخشنە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ و سۆسیالیست و زەحمەتکێش، ئەم حکومەتە زۆر چاك ئەزانیٚ ناتوانیٚ دۆخ لەمە باشتر بکات و ئاراستەی ئەو گەندەڵی و گەمە شەترەنجیە بگۆڕێت بە گەمەیەکی تەندروست، چاك ئەزانیٚ لەوە زیاتری پێناکرێت، ئەگەر داشێك فاسید بوو لە سەر خانەی ڕەش بیٚ یان سپی هەر فاسیدو گەندەڵە، ئیٚ خۆ وەزیرە تازەکانی ئەم حکومەتی یەکگرتووە کە ئەوەندە هەڵئەدەن بە شان و باڵیدا لەسویدەوە نایەن و نەهاتوون، مەگەر هەر ئەوانەی پێشوو نین کە دونیایەك تەلارو ئەرزەو دۆلاریان پێکەوەنا بۆ کوڕاوکوڕو ئەژدادیان؟! نازانم لە دۆخێکی وادا کە فیلی ساحەو وەزیری ساحە هەر کۆنەکان بن، یەکگرتووی ئیسلامی و حیزبی دی چۆن جورئەت ئەکەن داوای وەزیروگزیر بکەن ؟ یان بەتایبەتی یەکگرتوو بۆ مەست بووە بە بادەی ئەو شەرابەو خەریکە کورسی و گەندەڵی لا خۆشەویست ئەبیٚ، ئاخر یەکگرتوو بۆ داوای وەزیر ئەکات لە کاتێکدا لە پێش هەڵبژاردن خۆی جیاکردەوەوهەموو لایەکی ڕەفز بوو؟ پاشان داواش لە کیٚ ئەکات بۆ پۆست و پایە؟ یەکگرتوو یەکێتی و پارتیش باش ئەزانن خۆ لە ڕووی قانونیەوە هەڵبژاردن بۆ پارلەمانی کوردستان نەکراوەو ئەوەی کرا بۆ تازەکردنەوەی ماڵی عەرەب و عیراقی بوو کە یە کگرتوو بە 561 و هاوپەیمانی کوردستانیش بە 730 کەوتنە کێبرکیٚ یەکی سەخت و تەنانەت خوێناویش، ئەگەر ڕاست ئەکەن و پەرلەمانتان هەیە ئێوەش بۆ خۆتان و بۆ کوردستانەکەتان هەڵبژاردنێك بکەن بزانن برایانی بەغا ڕێگەتان پێئەدەن؟ ئەگەر حکومەتە یەکگرتووەکەمان (ئیعازو ئیحای) سەر بەبەغدایەو نەمانزانیوە بابزانین؟ ئەگینا لە ڕووی یاساییەوە مادام هەڵبژاردن بۆ عیراق و پەرلەمانەکەی بوو ئەوا بۆ کوردستان کە س مافی دروستکردنی حکومەت و دابەشکردنی پۆستی نییەو یەکگرتووش حەقی ئەوەی نییە بڵیٚ من ئەوەو ئەوەم ئەوێت، ئاخر یەکگرتوو بیری چوو ڕاگەیاندنی یەکێتی و پارتی لە کاتی پرۆسەکەدا چیانکردوو چۆنیش دیموکراسیەتیان سەربڕی و بارەگاکانی بادینانیان سوتاندن؟ ئایا داواکاریەکی لەو جۆرە بۆ یەکگرتوو تەنانەت بۆ ڕای گشتیش نابێتە نوکتەو کۆمیدیا؟ کەسێك پرسی ئەم یاریە شەترەنجیە بۆ گۆڕاو ئێستا دەنگی یەکگرتوویان دەوێت و جاران دەنگەکانی یەکگرتوو دەنگی نیمچەدورگەی عەرەب و سونیەکانی بەغدا بوو ئێستا پۆستبارانیان ئەکەن وخەریکی موغازەلەیانن، دیارە ئەمەش سیاسەتەو ڕەنگە یەکگرتووش بازرگانی بە دەنگەکانی خۆیەوە بکات ئەگینا ئەوەندە موسەیتەر نابیٚ لە داواکردنی ئەو پۆستانەداو دەستیشی خۆش بیٚ! ڕەنگە یاری و هاوکێشەکە (نظام المقايضة) واتە گۆڕینەوە بێت و یەکگرتوو بە خشکەیی دەنگەکانی خۆی بەخشیبێتە لیستی هاوپەیمانی کوردستان تا یەکێتی و پارتی پۆستەچەورەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن لە بەغداو یەکگرتووش لێرە شتیٚ بەشتیٚ بکاو پۆستیٚ حەڵاڵ بکات، واتە هێلکە کوردیەکانی خۆی لە بەغدا فرۆشت تا ئەم نان و ڕۆنەی کوردستان مسۆگەر بکات، جوڵەیەکی سەیروبەهێزە !؟

* ئەم ووتارە لە ژمارە (16 ی سێشەممە 2006/4/25) ی ئاوێنەدا بلاوکراوەتەوە.